# ئێراق: ناسنامەکان و ستراتیژی نەتەوەیی کوردستان " بەشی دووەم"

ئیسماعیل ئیبراهیم ڕواندزی
Ismail_rwandzi@yahoo.com

**ئەم نووسینە ئامانجی بەشداریکردنە لە فۆرمۆلەکردنی نموونەیەکی نۆێ لە بیرکردنەوەی ستراتیژیانە بۆ پرۆژەی نەتەوەیی کوردستان، وە هەوڵدەدا لە پێناو داڕشتنی تێگەیشتنێکی کوردستانیانە بۆ ستراتیژی نەتەوەیی لە چواچێوەی بەها بنچینەییەکان کە هەوزوعیەتی زانستی و ئیلتزامی نەتەوەیی بە کێشەکانی نەتەوەی کورد پێکەوەگرێدەدا. وە هەروەها هەبەست لێی لێکدانەوە و نرخاندنی ئاڵوگۆڕە بنچینیەکانی چەند سالی رابردووی ئێراقە لە پەیوەند بە بەرژەوەندیەکانی کوردستان و پرۆژەی نەتەوەیی و هەوڵدان بۆ رۆشنایی خستنەسەر ئاسۆی داهاتووەکانی.**

## ڕەوتە ئیسلامییەکانی شیعە و بیری ناسیونالیزمی عەرەبی

پرۆسەی سیاسی ئەمڕۆی ئێراق، تا ئێستا، بە ڕۆشنی دیار نیە بەرەو کوێ هەنگاو هەڵدەگرێ. ئاراستەی کەشتی ئێراقییەکان لە دەریای پر شەپۆل و تەنگژەی ناوچەکەدا، ئەملا و ئەولا دەکا. جوگرافیا و مێژووی ئێراق خەریکە دەوری جیدی لە دیاریکردنی ژیانی سیاسی ئێراق دەبینێ. بوونی ئێراق لە ناو دەریایەک لە عەقلیەت وشێوازە گشتیە ناسراوەکانی ناوچەکە لە ڕووی کاری سیاسی و بەرێوەبردنی کونەپەرستانەی دەولەت، ڕێگری جیدی بووە و دەبێ لەبەردەم پێشرەوی پۆزەتیفانە لە ئێراقدا. باڵادەستی و بوونی دەیان ساڵەی سیستەمی دیکتاتۆری و شۆڤێنیستی، ئاکامەکەی نەهێشتنی کاری سیاسی سروشتی وئاسایی لێکەوتۆتەوە. لەناوچونی ڕژێمی بەعس و دەستپێکردنی کرانەوەی سیاسی، ئوتوماتیکی عەقلیەت و شێوازی بیرکردنەوەی ئێراقیەکان و ڕەوتە سیاسیەکانی نەگۆریوە و دیاریش نیە کە لە داهاتوویەکی نزیک گۆران بەخۆیەوە ببینێ .

سیمای دیاری ژیانی سیاسی ئەمڕۆی ئێراق بوون و بەهێزی ڕەوتە سیاسیە ئیسلامییەکانە. ئەمڕۆ دەتوانرێ بگوترێ ڕەوتە ئیسلامییەکان (شیعە و سوونە) بەشی سەرەکی هێزە سیاسیەکان لە ئێراق پێکدەهێنن. گرنگە وەک هێزی نەتەوەیی کوردستانی ڕۆشنی بکەینەوە، کە چۆن دەتوانین پەیدابوونی بەهێزی ڕەوتە ئیسلامییەکانی شیعە و سوونە عەرەبەکان لەسەر شانۆی سیاسی ئێراق لە قازانج بردنە پێشەوەی پڕۆژەی نەتەوەیی کوردستان بەکاربێنین؟ ، وە تا چەند دەتوانرێ باس لە تفاعولی پۆزەتیفانەی ئەم ڕەوتانە بکرێ لەگەڵ کوردستان و ڕەوتە کوردستانییەکان؟

لە ڕاستیدا هێزە ئیسلامییەکانی سوونە عەرەبەکان جیاوازیەکی ئەوتویان نیە لە رووی پڕۆژە و ستراتیژ و ئەجندە سیاسیەکانیان لە گەڵ ڕەوتی ناسیونالیزمی عەرەبی شۆفینیست. ئەوەی نوێ و جێی سەرنجە، سەرهەڵدانی بەهێزی هێزە ئیسلامییەکانی شیعەیە، ئەم هێزانە، بەهۆی یەکنەگرتنەوەی بەرژەوەندی تایفی و مەزهەبیان لەگەڵ پڕۆژەی پێکهێنانی نیشتمانی عەرەبی گەورە ومەزنخوازی سوونیگەرا، کە بیری ناسیونالیزمی عەرەبی شۆفینیست داوای دەکا ، دەتوانن لە داهاتووی ئێراق زەمینەیەکی باش خۆش بکەن لە ڕاستای بەرەوپێش بردنی پڕۆژەی نەتەوەیی کوردستان لە لایەن ڕەوتە کوردستانییەکان.

ڕووخانی ڕژێمی بەعس ئاڵوگۆڕێکی ڕیشەیی لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی شیعە عەرەبەکانی ئێراق پێکهێنا، بە جۆرێک کە هەستکردن لە رووی سیاسیەوە بە ئینتما بۆ ناسنامەی شیعەیی ئەوەندە خێرا لە ئاستێکی بەرینی جەماوەری تەنیەوە کە جێگای سەرسورمانی ڕای نێودەوڵەتی و عەرەبی و سوونەکانی ئێراق بوو. ئەم ناسنامە سیاسیە نوێیە ـ کۆنەی شیعە عەرەبەکان هاوسەنگی لە نێوان نەتەوەکان وهێزە سیاسیەکان لە ئێراقدا، گۆڕی.

لە ساڵی 2002 لە لەندەن، پێش هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئێراق، لە لایەن چەندین کەسایەتی ناسراوی ئەکادیمی و ئایینی و سیاسی شیعەدا بەیاننامەیەک بڵاوکرایەوە لە ژێر ناونیشانی "ڕاگەیاندنی شیعەکانی ئێراق". لەو بەیاننامەیەدا، لە وڵام بە پرسیاری شیعەکان کێن؟ ، هاتووە: کە شیعی بوون بریتیە لە دلسۆزی و ئینتما بۆ مەزهەبی " ئەهل ئەلبەیت"، وە هەر کەسێک شیعە حیساب دەکرێ ئەگەر لە دایک و باوکێکی شیعە بێت یاخود بە ئارەزووی خۆی باوەر بە مەزهەبی جەعفەری بێنێ. وە هەروەها بەیاننامەکە باس لەوە دەکات کە شیعەکان ڕەگەز و نەتەوەیەکی تایبەت نین، بەڵکو کیانی شیعی لە توێژی جیاوازی کۆمەڵایەتی پێکهاتووە، کە بە درێژایی چەندین سەدە ناڵاندوویەتی لە ژێر زوڵم و ستەمی تایفی، وە هەروەها هاتووە کە ستاتوسی شیعەبوون زیاتر بەرهەمی زوڵمی دەستهەڵات بووە وەک لەوەی بەرهەمی فاکتۆری مەزهەبی بێت و ئەم ستاتوسە کۆمەڵاتیەشە کە نوێنەرایەتی دیاریکراوی واقعی شیعەکان دەکات بەبێ لەبەرچاوگرتنی باوەڕ و ئیلتزامی ئایینی و سیاسی.

خۆ ئەگەر سەیرکەین دابەش بوونی نەتەوەی عەرەب لە ئێراق بۆ شیعە و سوونە تەنیا هۆکارەکەی ئایینی نیە، بەڵکو ئەم دابەشبوونە زۆر لایەنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری دەوری تێدا بینیوە. ئەگەر وورد بینەوە دەبینین شیعەبوون تەنیا ناسنامەیەکی ئایینی نیە، بەڵکو مێژوویەکی درێژ لە بەرژەوەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری، شیعەبوونی کردۆتە حالەتێکی ڕۆشنبیری و نەفسی و سایکۆلۆژیەتیەکی تایبەت لە نێو هەموو ئەو کۆمەڵە مرۆڤانەی خۆیان بە شیعە ناودەبەن لە جیهاندا. لەگەڵ ئەوەشدا پێموایە پێناسەکردنی ناسنامەی شیعەیی و شیعەبوونی مرۆڤێک لەدەرەوەی ئایین و مەزهەبی شیعە کارێکی سەختە ، چونکە ئەوە مەزهەبە بە دەرەجەی یەکەم کەسێک دەکاتە شیعە.

مەسەلەیەک، کە زۆر گرنگە باسی بکەین، پەیوەندی نێوان ناسنامەی شیعەیی و ناسیونالیزمی عەرەبیە لە ئێراقدا. لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە، لە کاتێکدا شیعەکان ڕەگەز و نەتەوەیەکی تایبەت نین، ئایا دەکرێ باس لە جیاوازی نێوان شیعەکانی ناوچەیەک و وڵاتێک لەگەڵ شیعەکانی ناوچەیەک و وڵاتێکی تر بکەین؟ بێگومان دەکرێ ،بۆ نموونە، شیعەعەرەبەکانی ئێراق لەگەڵ ئەوەی کولتور و ڕۆشەنبیری ئێرانی شیعەگەرا کاریگەری هەیە لە سەریان، وە بۆ ماوەیەکی درێژیشە لە زۆر لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی جیاوازن لەگەڵ سوونە عەرەبەکان، بەڵام وەکو سوونە عەرەبەکان، بێجگە لە ڕەگەزی هاوبەش خاوەنی هەمان کولتور و ووشیاری بەهێزی عەرەبین، ئەم ووشیاریيە عەرەبیە خاڵی پێکەوە گەیشتنی سوونە و شیعەکانە لە ئێراق، کە دەکرێ لە داهاتوودا ئاڵوگۆری دراماتیکانەی بەسەردا بێت، نەک تەنیا ئەمە بەڵکو بەشی بنچینەیی مشت ومڕ و کێشەمەکێشی نێوخۆی ڕەوت و هێزە سیاسیەکانی شیعە عەرەبەکانی ئێراق دەگەڕێتەوە بۆ ئەم خاڵە.

بە شێوەیەکی گشتی تا ئێستا ڕەوتی ئیسلامی شیعەگەرا بە هەموو رێکخستن و هێز و حیزبەکانی لە ژیانی سیاسی ئەمڕۆی ئێراق نەیتوانیوە ئامانجەکانی لە چواچێوەی تایەفەی خۆی دەربچێ، بەڵام ئەمە هەرگیز بە مانای نەبوونی جیاوازی لە ئامانج و ستراتیژ لە نێو هێزە ئیسلامییەکانی شیعە مەزهەبەکان نیە. ئەم بارودۆخە ڕەنگە لە داهاتوو ئاڵوگۆری بەسەر بێت. هێزە شیعە مەزهەبەکان هەموویان لە یەک سەبەتە ناتوانرێ کۆبکرێنەوە، بەلایەنی کەم لە درێژ ماوەدا، لە پەیوەند بە بیرۆکەی فیدرالیزم و ناسنامەی ئێراق وهێزە سوونە مەزهەبیەکانی عەرەب. شیعەکانی ئێراق هەموویان یەکدەست و هاوڕانین، ئەگەرچی لە سەرنجی یەکەمدا یەکگرتوو دێنە پێش چاو کاتێک ڕووبەڕووی هێرشی دەرەوە دەبنەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوانیش وەک هەر کۆمەڵێکی تر دابەش بوونە بەسەر چەندین ڕەوتی سیاسی جیاواز کە هەریەکێکیان بەرژەوەندی مەزهەبی و نەتەوەیی و هۆزایەتی و ناوچەیی جیاوازی هەیە. لە بەشی داهاتوودا بە کورتی و خێرایی ئیشارە بە چەند ڕەوتی سەرەکی شیعی دەکەم.

ـ درێژەی هەیە ـ